# حەوت تەکنەلۆژیای نوێ هەموو شتێک دەگۆڕن



فریدون صالح رسول

## ١. ئاژاکس (AJAX) :ـ

ئەم تەکنەلۆژیایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرۆگرامەکانی بەکارهێنانی ژێرویێب (ئەو پرۆگرامانەی کە لە بواری ئینتەرنێت کاردەکەن)، واهەڵسوکەوت بکەن، وەکو ئەوە وابێت کە ئەم پرۆگرامانە لەناوخودی کۆمپیوتەرەکە دامەزراون. بەگشتی زۆربەی پرۆگرامەکانی بەکارهێنانی ژێرویێب




classic
web application model

Ajax
web application model

بۆ جێبەجێبوون پێویستیان بە لاپەرەی وێب (لاپەرەی ئینتەرنێتی)هەیە وئەمە دەبێتە هۆی خاوبوونەوە لە کرانەوەی ئەم جۆرە پرۆگرامانە. بەڵام AJAX Asynchronous JavaScript and XML لەکاتی دابەزاندنی زانیارییە نوێیەکاندا لەگەڵ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانا هاوکات ڕێگا بە نوێکردنەوەی ناوەرۆک دەدات. دەشێ ئێوەش لە AJAX کەڵکتان وەرگرتبێت. شێوەی سلێری گەڕانچی (A) ی ئەمازۆن، جی مەیلی گوگل، سیستەمی پۆلین کردنی فلیمی NetfLix و خزمەتگوزاری فلیەری یاهوو. (جێسی جمیز گێرت)ڕاوێژکاری وێب کەبەهۆی AJAX ناوبانگی دەرکردووە لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە کاریگەری ڕاستەقینەی ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر پرۆگرامە بەکارهێنەرەکان لەپێوانەی بارزگانی و Enterprise ە، شوێنێک کەخێرایی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت زیادبوونێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ.

کۆمپانیای نەرمەواڵە لە (Software)ی لەمەو پێشتر، یەک پارچەکردنی (AJAX)ی بەدروستکردنی ژێرخانی پەیوەندی گشتی بەرهەمی خۆی دەستپێکرد. هەروەها (میکرۆسۆفت)یش دەستی بە پێشخستنی (AJAX)کردووە. ئەوەش ئەمە دەسەلمێنێ کەسەردەمی گرنگی و کاریگەری ئەم تەکنەلۆژیایە هاتووە.

## ٢. WiMax

دەتوانین بڵێین: ئەم تەکنەلۆژیایە بەهێزکراوی WiFiیە، کە درێژەی (مەودای)بە سوودی لەلایەن تیۆرییەوە سی میلە، گرنگییەکەی لەئاست WiFi لەوەدایە کە WiFi تەکنەلۆژیایەکی باشە بەڵام درێژییەکی سنووردار هەیە. یەکەم هەنگاو بۆ پێشخستنی ئەم تەکنەلۆژیایە کۆمپانیای




ئینتل هاوێشتویەتی وادێتە بەرچاو کەدەبێ تادووسالّی داهاتوو چاوەڕێی خستنەرووی خزمەتگوزارییەکان لەسەربنەمای ئەم تەکنەلۆژیایە بین. سەرەتا دێتە بازارەکانی شارۆچکەو لادێکانی ئەمریکا، ئەوروپا و ئاسیا و دواتر بازارەکانی گەیاندنی شوێنەکانی تری جیهان.

له هەنگاوێک بۆ تاقیکردنەوە، ئینتل، فلیمێکی دیجتالّی لەرێگای تۆرێک لەدووری (٥٥)میل (هەشتاو نۆ کیلۆمەتر)وبەهۆی تۆرەکانیWiMax بۆ فیستیوالێکی فیلم نارد. رەخنەگرە رەشبینەکان وامەزنده دەکەن کەدەشێ تەکنەلۆژیایە رکابەرەکان، لەداهاتوودا WiMax زۆر زوو لەبازار دەربکەن. بەلاّم نابێ کاریگەری پشتگیری و کارکردنی ئەم کۆمپانیایە وەکو Qwest , Bellsouth , Spring PCD, AT&T بۆ پێشخستنی ئەم تەکنەلۆژیایەبەکەموەربگرن.دەزگای لێکۆڵینەوەی ABI وای دەخەملێنێت کەتا سالّی ٢٠٠٨ هاوبەشانیWiMax لەسنووری هەشت ملیۆن کەس رەتبدات

گروپی لێکۆڵینەوەی Maravedis Telecom دەلێت: داواکاری بۆ WiMax تاسالّی ٢٠١٠، بازارێک لەنزیکەی دوومليارد دۆلار دروست دەکات. ئەگەر ئەم پێشگۆییانە بینەبەشێکی راست، دەبێ DSL، تۆرەکانی کێبلّی و تەنانەتپەیوەندییەکانیTI (سیستەمی ئینتەرنێتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کەزۆر خێرایە)وەکو بەشێک لەمێژوو دابنێن.

## ٣. گەران لە قولاّیی ماڵپەرەکان:

ئەم تەکنەلۆژیایە بەشێوەیەکی بوێرانە بزوێنەکانی گەرانچی تردەداتە ژێر پرسیارەوە . بۆ نموونە گرنگیەکەی لەوەدایە کە گووگل تائێستا نزیکەی هەشت ملیارد لاپەرەی وێبی دەستنیشان کردووە بەلاّم ئەمە مشتێکە له خەروارێک. لاپەرە گەلی ترهەن لەپشت فایەروالی کۆمپانیاکان ویا لەناوبانکی زانیارییەکان شاردراونەتەوە و چاوەروان گەرانچی (ماتۆرەکانی گەران) بیاندۆزنەوە و دەستنیشانیان بکەن. بەپێی خەملاندنەکان ئەم بەشە لەلاپەرەکانی وێب کەبە (لاپەرە تاریکەکان)ناسراون پێنج سەدجار زیاترن لەوەی کەئەمرۆکە بەناوی تۆری جیهانی ئینتەرنێتەوە ناسراوە. بەپێچەوانەی ناوەرۆکی گشتی ئینتەرنێت رۆبۆتەکانی گەرانچی (search) ئاسایی ناتوانن ئەم ناوەرۆکە شاراوانە بدۆزنەوەو دەستنیشانیان بکەن و دەبێ بە تەکنیکی تایبەت بۆسەر ئەمبارە گەورەکانی زانیارییەکانیگەرانچیەکانزیادبکرێت.

پێش بەدەرکەوتنی ئەوزارەکانی دیسکتۆپ،، کۆمپیوتەرەکان ئەنداميکی نهێنی وێب بوون کەلەگەلّ بەسترانەوە بەئینتەرنێتیش بابەتەکانی ناویان دەستنیشان نەکراون وبۆ گەران بەکارنەهێنراون.

تۆرەکانی هاوبەشکردنی مۆسیقا، لەناو دەزگاکان بۆ دۆزینەوەی فایلەکانی MP3 دەگەران، بەلاّم پێش پەیوەستبوونی هاردێسکی دەزگاکان بەتۆری بینراوی ئینتەرنێتەوە، گرێبەستەکان و مەرجەکان زۆربەیان فرتوفێلّیکیان لەبواری ئاسایش و پاراستنی ئازادییەکانی تاکەکەسی تێداهەبوو. کەدەبوایە بەکارهێنەر لاری لیّ نەبێت.

هەروەها ملیۆنان دانەی دیجتالّی کۆپی کراوی کتێب هەیە کە چاوەرێن بەئینتەرنێت ببەسترێنەوە. لەئەنجامدا گەرانی قولاّیی وێب دەتوانێت باشتر لەخستنەرووی سەدان لینکی راستەوخۆ وەلاّمی پرسیارەکان بداتەوە، چونکە هێشتا زۆربەی سەرچاوە باوەرپێکراو و دەولّەمەندەکان چاوەرێی بەستانەوەن بەتۆری جیهانی ئینتەرنێتەوە.




## ٤. رادیۆیەک بە چۆنایەتیەکی باش :ـ

ئەم تەکنەلۆژیایە لەجۆری سەتەلایت نیە، رادیۆیەکی ئاسایی کەلە پێشکەوتن دایە.

لەچۆنایەتی (کیفیە) لەئاستی CD دایە و وێستگەی زیاتر دەگرێتە خۆ. گرنگیەکەی لەوەدایە کەئەمرۆکە ولەژێر گوشاری خزمەتگوزارییەکانی کەناڵی ئاسمانی وەکو XM Radio و Sirius و خزمەتگوزارییەکانی ئۆن لاینی مۆسیقی و ئەوزارەکانی وەکو ئای پاد، تەکنەلۆژیای رادیۆ کەداهاتی ساڵانەی زیاتر لەبیست ملیۆن دۆلارە، ئێستاکە خەریکە بە بەردەوامی گوێگرەکانی خۆی لەدەست دەدات. لەم ناوە رادیۆیHD وەکو چارەسەرێکی باش دەتوانێت ئەم بارودۆخە بگۆڕێت. لەم تەکنەلۆژیایە باندی شەپۆلی رادیۆیی کەئێستا لەژێر دەستی خاوەنەکانی بلاوکردنەوەن بۆچەند باندێک بەپانی زۆرکەم و باریک دەگۆردرێن هەرباندێک وێستگەیەکی نوێ ساپۆرت دەکات، بەم شێوەیە هەر وێستگەیەکی FM یا AM دەبێت بەهەشت کەناڵ. بەم شێوەیە هەشت بەرامبەری جاران، مۆسیقا، وتار... و لەهەموویان گرنگتر ریکلام بلاودەکاتەوە , لەبەرئەوەی ئەم وێستگانە دیجیتالین پرۆگرامە رادیۆییەکانی HD بەسانایی تۆماردەکرێن و ئەم توانایە دەبەخشێتە بەکارهێنەر کەلەکاتی پرۆگرامە راستەوخۆکان پەخشی رادیۆ رابگرێت (Pause)بکات یان بیگەرێنێتەوە دواوە، لەشێوەی ئەوتوانایەی کەخزمەتگوزاری (TiVo) بۆ پرۆگرامە تەلەفزیۆنەکانی خۆی ئامادەی کردووە. ئێستاکە ویلایەتە یەکگرتووەکان نزیکەی (٤٥٠) وێستگە پرۆگرام بە شێوەی HD بلاو دەکاتەوە و لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ژمارەیە دەگاتە (٢٥٠٠) وێستگە کەسەدا نەوەدی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگرێتەخۆ. گەورەترین گرفتی بەردەمی ئەم تەکنەلۆژیایە ئەوەیە کەبیسەران ناچارن دەزگای رادیۆی نوێ بکرن تابتوانن سیگناڵەکانی رادیۆی HD وەربگرن.

## ٥. مۆبایلە تێکەڵاو :ـ

ئەم تەکنەلۆژیایە پەیوەستە بەو مۆبایلانە کەبە سیستەمی WiFi کاردەکەن و سیستەمی تەلەفۆنی مۆبایل و نۆرماڵی لەیەکداوەو گرنگی خستنەرووی ئەم جۆرە مۆبایلانە لەوەدایە پانزە مۆبایل و بەنرخێکی مامناوەندی خزمەتگوزارییەکانی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جێگای خۆیان دەدەنە تۆڕەوالاکانی WiFi لەشوێنی کاروماڵەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی دووگرفتی سەرەکی کەتووشی فرۆشیارەکان و بەکارهێنەران دەبێتەوە: یەکەم-رووکردنە تەکنەلۆژیای WiFi بەشێوەیەکی بەربلاو کە دەبێتە هۆی باشبوونی پەیوەندی لەشوێنە گشتیەکان و تەوەرە بازرگانیەکان، کەبەگشتی داپۆشینی ئەم شوێنانە بۆ تۆری خانەیی گرفتێکی گەورەیە. دووەم- دەبێتە هۆی خێرابوونی گەران لەئینتەرنێت بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە تەلەفۆنە ژیرەکان. پێشکەوتنێک کەدەبێتە هۆی ئەوەی ئەم دەزگایانە لەئەنجامدا ببن بەجێگرێکی بەردەوام بۆ کۆمپیوتەرە کەسیەکان. هاوتەریبی تۆڕەکانی وایەر و نۆرماڵ لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییانەی کەلەسەر تێکەڵبوونی ئەم سیستەمە دەخرێتەروو شوێنێکە کەسەرمایەداران ئەیانەوێ بەشێک لەدارایی خۆیان بۆئەم مەبەستە دابنێن. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی کۆمپانیای ABT کریارەکان لەپێنج ساڵی داهاتوو سەدملیۆن دۆلار بە تەلەفۆنی تێکەڵاو دەدەن.

## ٦. پاتری سووتەمەنی زۆر بچووک :ـ

ئەم پاتریە لەناو لاپتۆپ و ئەو ئامێرانەی دەگوازرێنەوە بەکاردەهێنرێن ولە سەرچاوەیەکی دەرەکی بە سووتەمەنی دووبارە شەحن دەبێتەوە وەکو هایدرۆجین، گازی سروشتی میتانۆل، ئەتانۆل و سۆدیۆمی پۆهیدرات، گرنگی ئەم تەکنەلۆژیایە لەوەدایە کەهەرچەندە دەزگاکانی دیجیتالی بە مەسروفتر دێنە




بازار، پاتری (لیتیۆم)ی کەمتر بەدەست دەکەوێت کەتوانای وەڵامدانەوەی ئەم هەموو بەکارهێنەرە زۆرەی هەبێت. پاتری سووتەمەنی (Fuel cell) جێگرەوەی باشن بۆئەم پاتریانە، تەکنەلۆژیای بەرچاو لەم بوارە (Methanol DMFO / Fuel)ناوی دەبەن لەم شێوازە بۆ دروستکردنی وزە، میتانۆل و ئۆکسجین لەگەڵ یەک تێکەڵ دەبن. کۆمپانیای هیتاچی ئێستا کارلەسەر جۆرێک لەم پاتریانە بۆ بەکارهێنانیان لە لاپتۆپەکانی خۆی دەکات کە بەنیازە لەساڵی ٢٠٠٧ بیخاتە بازار.

هەروەها کۆمپانیای یابانی NTT Docomo گەورە بەرهەم هێنەری مۆبایل بەهاوکاری فۆجیستۆ خەریکی کارکردنن لە سەر مۆدیلێکی باریکی لەم جۆرە پاترییە سووتەمەنیانە بۆ مۆبایل. قۆناغی گواستنەوە لە پاتریە کۆنەکان بۆئەم پاتریانە پێویستی بەکات هەیە، لەبەرئەمە نابێ چاوەڕێ کرینی ئەم جۆرە پاتریانە بین بەم نزیکانە. بەڵام گرووپی لێکۆڵینەوەی Markets Research هەندێ زانیاری لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە کەنیشان دەدات ڕێژەی فرۆشتنی پاتری سووتەمەنی کەم قەبارە تاساڵی ٢٠٠٨ دەگاتە (٥١٠)ملیۆن دۆلار و تاساڵی ٢٠١٣ دەگاتە یانزە ملیارد دۆلار.

## ٧. بیۆژەنەتیک (Biogenerics)

تەکنەلۆژیای دروستکردنی فۆرمی ژێنەتیکی پرۆتینەکانی دەرمانی، خاوەن مافی تایبەتکراون کە کۆمپانیا چاڵاکە گەورەکانی سنوری تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی دەرمان دەیخەنەروو.

گرنگیەکەی لەوەدایە کە کۆمپانیا گەلی وەکو Amgen و Genentech بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی گرفتەکانی گورچیلە بگرە تا شەکرە پێویستی بە دەرمانی پرۆتینی گرانبەها هەیە. ئەم شێوازی چارەسەرکردنە تۆمارکراوە و تایبەتە بەناوی Biogenerics. ئەم تەکنەلۆژیایە ساڵی ڕابردوو بۆئەم کۆمپانیایانە داهاتێکی زیاتر لە هەژدە ملیارد دۆلاری هەبووە. ئێستاکە زۆربەی مافە یاساییەکانی پاوانێتی ئەم شێوازەی چارەسەرکردنە خەریکن ماوەیان بەرەو تەواوبوون دەچێت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەگەر ڕکابەرەکانی تر بتوانن ئەم شێوازە کۆپی بکەن مافی فرۆشتنیان بەدەست دەکەوێت. بەڵام کۆپی کردنی پرۆتین گرفتی زۆرترە لە ئاسپرین و تائەو کاتەی کەئەم کۆپی کردنە بەبێ کەموکوری نەبێت ناتوانن بڵاوی بکەنەوە. Biogenerics لە وڵاتانی هیندستان و چین و لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرمان دروستکردنی گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت وبەم نزیکانەش ئەم تەکنەلۆژیایە لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئەوروپا دەخرێنە بازار.



هەڵبەت یەکیەتی دەرمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان FDA بۆناو ویلایەتە یەکگرتووەکان هەندێ یاساو بڕیاریان دەرکردووە و دامەزراوەکانی پەیوەندار بەم تەکنەلۆژیایە لەسەر بناغەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە دەبێت. Biogenerics دەتوانێت (٪١١) هەموو بازاڕی Biodrug بۆ خۆی تایبەت بکات و ئەمە دەبێتە هۆی دابەزینی نرخەکان و ئەمە هەواڵێکی خەراپە بۆ لایەنگرانی ژێنەتیک و هەواڵێکی دڵخۆشکەرە بۆ نەخۆشەکان.

سەرچاوە : www.amoltak .com